# ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو

**دکتۆر ظاهر حمدأمین صابر**
بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەهەڵوەستەکردن لەسەر ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتنی هەواڵەکانی تەلەڤزیۆنی، ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفییە ( Descriptive Research)، کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، بۆ گەیشتن ئامانجەکان، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی(Survey Method) بەکارهێناوە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لەپەیامنێرانی کەناڵی ڕووداو، سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە(35) پەیامنێری کەناڵەکە، کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون ئەم توێژینەوەیە هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی خاڵی بەهێز و لاوازی پەیامنێران لەکەناڵی ڕووداو، لە پێناو گرتنەبەری ئامراز و شێوازی پێویست بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان پەرەپێبدەن و کاریگەرتر بن.

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە دەرخستنی ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵ لەکەناڵی ڕووداو، دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی پەیامنێران هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتنەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو.

توێژەر گەیشتووە بەو ئەنجامەی، کە پەیامنێران ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان، بە هەڵبژاردنی هەواڵی گرنگ، تیشک خستنەسەر بابەتەکان بەشێوەیەکی ورد و خێرایی لەگواستنەوەی زانیارییەکاندا، هەروەها ئامادەبوونی پەیامنێران لەنزیکترین شوێنی ڕووداوەکان و گەڕان بە دوای زانیاری نوێ و بڵاونەکراوە لەسەر ڕووداوەکان.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆڵ، پەیامنێر، دەوڵەمەندکردن، بووڵتەنی هەواڵ..

## 1. پێشەکی:

تەلەڤزیۆن وەک یەکێک لەگرنگترین و کاریگەرترین ئامرازەکانی میدیا لەگۆڕەپانەکە ماوەتەوە سەرەڕای گەشەسەندنی خێرای میدیای نوێ، کە توانیویانە بەشێکی زۆر لەسەرنجی وەرگرانی هەواڵەکان بەدەستبهێنن، بەڵام تەلەڤزیۆن وەک سەرچاوەیەکی گرنگ لەپرۆسەی بەدەستهێنانی هەواڵەکان، وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن، کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر تاکەکان هەیە تا ئەو کاتەی ڕووداوێکی گرنگ و مەترسیدار لەجیهانی هاوچەرخدا هەبێت.

گرنگیی هەواڵ لەتەلەڤزیۆندا بەگشتی وەک سەرچاوەی زانیاری ڕۆڵی لەخزمەت گەشەپێدانی گشتگیردا هەیە، تەلەڤزیۆن ڕۆڵێکی بێهاوتای هەیە لەگواستنەوەی هەواڵدا، هەواڵەکان لەتەلەڤزیۆن پەنجەرەیەکن کە بینەران لێیەوە سەیری جیهانی گەورە دەکەن. ئامادەکردنی هەواڵ لەتەلەڤزیۆن بووەتە پیشەسازییەک، کە خاوەنی سامانێکە پێویستی بە عەقڵ، سەلیقە، پراکتیک و ڕاهێنان هەیە، جگە لەخوێندن لەم بوارە میدیاییەدا.

پەیامنێر، یەکەم ئەڵقە لەپیشەسازی هەواڵدا پێکدەهێنێت، پەیامنێر ئەو کەسەیە کەرەستەی خاو بۆ هەواڵ ئامادە دەکات، توخمێکی جەوهەرییە لە پیشەسازیی ئاڵۆزی هەواڵدا، کە هونەر و زانیاریی جۆراوجۆر تێیدا هەیە. پەیامنێری تەلەڤزیۆن ئەو چاوەیە کە لەبری ئێمە دەبینێ و ئەو گوێیەیە کە لەبری ئێمە دەبیستێت ، ئەو کەسەیە بەسەر سەختییەکاندا زاڵ دەبێت، هەندێکجاریش ئاڵنگاری مەترسییەکان دەبێت، بۆ ئەوەی بینەر لەڕاستییەکان ئاگادار بکاتەوە.

کەناڵی ڕووداو وەک یەکێک لە کەناڵە هەواڵییانەی لەهەرێمی کوردستان کاردەکات لەسەر گواستنەوە و گەیاندنی هەواڵەکان، گفتوگۆ و شرۆڤەی قووڵەوە

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 20 سبتمبر 2022؛ قُبل في 28 أكتوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 03 فبراير 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف darya.ibrahim@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 ظاهر ، بهات. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دەرکەوت، ڕووماڵی ڕووداوەکان لەلایەن ڕووداوەوە بۆ ڕووداوەکانی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان، وایکرد بینەر و خوێنەر و بیسەری کورد، وەک سەرچاوە بۆی بگەڕێتەوە. ناوەندی سەرەکیی تۆڕی میدیایی ڕووداو لەشاری هەولێرە، نووسینگە و پەیامنێری لەشارو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و زۆر وڵاتی جیهان هەیە.

بەشی یەکەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:-

1. کێشەی توێژینەوە:

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەهەڵوەستەکردن لەسەرخستنی ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو، جگە لەگەڕان بەدوای ڕێگەی نوێدا لەژێر ڕۆشنایی جیهانگیری میدیای نوێدا بۆ پەرەپێدان بە ڕۆڵی پەیامنێران توانا و لێهاتووییان لەژووری هەواڵەکاندا.

2. پرسیارەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکییە بداتەوە کە توێژینەوەکە لەسەری بنیادنراوە:

1- ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو چیە؟

2- ئەو فاکتەرانە چین، کە کاریگەرییان لەسەر پەیامنێران هەیە لە بووڵتنەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو؟

3- ئەو کارامایاتە چین کە پێویستە لەپەیامنێران هەبێت بۆ دەولەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو؟

3. ئامانجەکانی توێژینەوە:

گرینگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

1. دەرخستنی ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو.
2. دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی پەیامنێران هەیە لە دەوڵەمەندکردنی بووڵتنەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو.

4. گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەمانەی خوارەوە کورتکراوەتەوە:

1- دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پەیامنێران لەکەناڵی ڕووداو، بەم شێوەیە گرتنەبەری ئامراز و شێوازی پێویست بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی پەرەپێبدات و کاریگەرتری بکات.

2- گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەو ئەنجامانەدایە، کە دەیخاتە بەردەم بەرپرسانی کەناڵی ڕووداو بە ئامانجی پەرەپێدانی ئاستی کاری پەیامنێران.

دووەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە:

1- پەیامنێر(Reporter): ئەو ڕۆژنامەنووسەیە، کە لەلایەن کەناڵێکی ڕاگەیاندن دامەزراوە، بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان نێردراون بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و وردەکارییەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکان، لەڕاپۆرتێکی هەواڵدا دایانبڕێژێت (Chang, 2000, 7)، هەروەها "پەیامنێر ئەو کەسەیە، دەزانێت چۆن زانیاری بەدەست بهێنێت. سەرچاوەی هەرچییەک بێت و چەند شاراوە یان ناڕوون بێت" (Gunter, 2005, 4).

2- ڕۆڵ(Role):: بریتییە ڕەفتارێک کە ئامرازەکانی میدیا، بەرامبەر جەماوەر، لەبوارێکی دیاریکراودا دەیگێڕێت (شبلی، 1999، ل728). ڕۆڵ ڕەفتارێکی ڕێکخراوە، کەسێك پێی هەڵدەستێت لەپێگە و هەڵوێستە گونجاوەکان، بەمەبەستی بەشداریکردن لەهەڵوێستەکان و ڕێکخستنی کۆمەڵێك بەها و پێوەری کۆمەڵایەتیی تایبەت پەیوەست بە ئاڕاستەکانە، کە کۆمەڵگە دەیسەپێنێت، مەرج نییە تەنیا یەك ڕۆڵ ببینێت، بەڵکو کۆمەڵێك ڕۆڵ دەبینێت.

3- دەوڵەمەندکردن(Enriching): بریتییە لەفراوانکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی ئەزموون لەڕێگەی ژینگەیەکی دەوڵەمەند بە لایەنی ئەرێنی باش وەک: (زیادکردنی هۆشیاری، گەشەپێدان و زانست)، پرۆسەیەکە کە نوێنەرایەتی وەڵامی یەکتر دەکات لەنێوان کولتووری - گەشەپێدان، و لەهەمانکاتدا ئاگادارکردنەوەیەکی ورووژێنەرە بۆ تاک (عباس 2019 ، 12).

4- بووڵتنی هەواڵ(News Bulletin): بۆڵتەنی هەواڵ لەزمانی کوردیدا زۆرجار بە گەشتی هەواڵ، یاخود درێژەی هەواڵ هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لەکەناڵەکان وشەی بووڵتەن وەک خۆی بەکاردەهێنن، لەبنەڕەتدا وشەیەکی لاتینیە لەزمانی عەرەبی بە واتای (نشرة الاخبار)، لەزمانی تورکی بە (Bülteni) دێت، هەروەها بە زمانی فەرەنسی و ئینگلزیش (Bulletin). بووڵتنی هەواڵ جۆرێکە لەپێشکەشکردنی هەواڵ لەکاتە دیاریکراوەکاندا لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە، هەواڵ و هەواڵی کورت، ڕاپۆرتی پەیامنێران لەناوخۆ و دەرەوە و ئەو لێدوانانەی بەدەستیان دەهێنن پێشکەش دەکرێت، هەروەها هەوڵێکی بەکۆمەڵە، کە ئامانجی یەکەمی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەواڵە لەبەرژەوەندی وەرگر.

بەشی دووەم لایەنی تیۆری

یەکەم:بووڵتەنی هەواڵ چەمک و جۆر و بونیادنانی

1. . بووڵتەنی هەواڵ:

بووڵتەنی هەواڵ جۆرێکە لەجۆرەکانی بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی لەکاتێکی دیاریکراودا بابەتە هەواڵییەکانی تێدا پێشکەشدەکرێت وەک هەواڵ، کورتە هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵی پەیامنێران لەناوخۆ و دەرەوە و ئەو لێدوانانەی بەدەستهاتوون لەخۆدەگرێت (أبوعرقوب 2012، 15).

جێبەجێکردنی بووڵتەنی هەواڵ پێویستی بە هەوڵێکی کۆمەڵی هەیە، کە ئامانجی سەرەتایی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی هەواڵە، کە لەبەرژەوەندی وەرگر بێت، پێدانی زانیاری لەبارەی هەموو ئەو ڕووداوانەی لەدەوروبەریدا لەئاستی

ناوخۆیی و جیهانیدا روودەدات، بە جۆرێک لەگەڵی بژی لەرێگەی هۆشیاری رۆشنگەرانە و بەدواداچوون بۆ رووداوەکانی رۆژانەی لەگەڵیاندا کارلێک بکات. هەواڵ بە بڕبڕەی پشتی هەموو بووڵتەنێکی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان دادەنرێت، پاشان لەکاتێکی دیاریکراودا ئامادە دەکرێن و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و چێژبەخش و بە فۆرمێکی دوور لەئاڵۆزی پێشکەشی بینەر دەکرێت (حمدي وعراضة 2013، 22).

دەتوانرێت ئامانجەکانی بووڵتەنی هەواڵ بۆ سێ توخم سنووردار بکرێن، ئەوانیش "هەواڵ، کاتبەسەربردن، پەروەردە" بەڵام بووڵتەنی هەواڵی تەلەڤزیۆنی بە پلەی یەکەم پەیوەندی بە توخمی یەکەمەوە هەیە، واتە ئامانجی هەواڵ. هەندێکجار بەشێوەی رێکەوت و ناڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ دووەم و سێیەم دەکات، تەنیا کاتێک هەریەکەیان بتوانن شایستەی هەواڵ بن. لێرەوە تێدەگەین، کە هەواڵ بۆ خۆی وەک ئامانجێکی بەرز بۆ پەخشی هەواڵی تەلەڤزیۆنی دەمێنێتەوە. دەتوانرێت ئامانجی بووڵتەنی هەواڵەکە بە تەنیا بەو شێوەیە کورتبکەینەوە، کە زانیاری نوێ بە بینەرانی دەگەیەنێت (عبدالنبي 2018، 5).

2. جۆرەکانی بووڵتەنی هەواڵەکان:

- بووڵتەنی گشتی: ئەو بووڵتەنە سەرەکیەیە ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە دەکرێت، گرنگترین هەواڵی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لەخۆدەگرێت، لەگەڵ هەندێک هاوسەنگی، بەزۆری ئەم بووڵتەنانە لەنێواران کاتژمێر هەشت بۆ هەشت و نیو پێشکەش دەکرێن، واتە ئاراستە دەکرێت بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە و هەواڵی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت.
- بووڵتەنی لۆکاڵی: لەسەر بنەمای هەواڵە ناوخۆییەکانە، واتە گرنگترین رووداوەکان کە لەچوارچێوەی ناوەوەی وڵاتەوەیە.
- بووڵتەنی تایبەتمەند: لەسەر بنەمای ئامانجدار بێت، یان لەسەر بنەمای پانتایی جوگرافی یان لەسەر بنەمای بابەتەکە. بۆ نموونە بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەند لەسەر بنەمای جوگرافی تایبەتمەندە، واتە لەناوچەیەکی دیاریکراودا ئاراستەی خەڵک دەکرێت (حمدي وعراضة 2013، 23).
- بووڵتەنی تایبەتمەند بەپێی بابەت: ئەو بووڵتەنەیە، کە مامەڵە لەگەڵ هەواڵ یان رووداوەکانی یەک بواردا دەکات، وەک بووڵتەنی ئابووری، کە هەواڵی بازاڕی بۆرسە و مامەڵە ئابوورییەکان و بارودۆخی بازاڕ و کەرتی وزە و وەبەرهێنان لەخۆدەگرێت.
- بووڵتەنی چینەکان: ئاراستە دەکرێن بۆ بەشە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، یان گروپەکان بۆ ئەوەی ئەو رووداو و ڕاستییانەیان بۆ بخەنەڕوو، کە لەژیانی رۆژانەیاندا پەیوەندییان پێوە هەیە، وەک منداڵان، کەمئەندامان، جووتیاران (احمد 2005، 11).
- کورتەیەکی هەواڵ: مینی بووڵتەنێکە کە تایبەتمەندە بە کورتی و جێهێشتنی وردەکارییەکان بۆ ئەوەی لەبووڵتەنی گشتیدا پەخشبکرێت.
- بووڵتەنی هەواڵی وێنەیی: بووڵتەنێکی تەلەڤزیۆنییە پێکهاتووە لەنمایشکردنی وێنەی ئەو رووداوانەی بووڵتەنەکە رووماڵیان کردووە.
- پێشانگای رۆژنامەوانی: بریتییە لەپێشکەشکردنی هەواڵی تەلەڤزیۆنی ئەو هەواڵە جۆراوجۆرانەی، لەم رۆژەدا رۆژنامە نێودەوڵەتییەکان رووماڵیان کردووە، گرنگیدان بە گرنگترین مانشێتەکان، کە رۆژنامەکان بە شێوەیەکی پوخت مامەڵەیان لەگەڵداکردووە، لەگەڵ شرۆڤەیەک لەسەر هەر هەواڵێک بە شێوازێکی رۆژنامەوانی (الزغبي 2017، 43).

3. بونیادنانی بووڵتەنی هەواڵەکان:

- پوختە، سەردێر، یان پێشەکی بۆ بووڵتەن: پێویستە داڕشتنی سەردێرەکە لەلایەکەوە ورد بێت لەدەربڕینی، لەهەمانکاتدا وروژێنەر و سەرنجڕاکێش بێت بۆ بووڵتەنی هەواڵەکە، هەروەها باشترە سەردێرەکە کورت و سادە بێت، چونکە سەردێری درێژ و ئاڵۆز قورسە بۆ وەرگر. سەردێر بە کاتی ئێستا داڕشتنی بۆ دەکرێت، تەنانەت ئەگەر رووداوەکە دوێنێ روویدابێت(معوض وعبدالعزيز 2006، 51).
- سەرەتایی بووڵتەن: پشتبەستن بە هەواڵەکان بەپێی گرنگیی، گرنگترین هەواڵ لەسەرەتای نمایشەکە دێت، دواتر هەواڵەکانی دیکە بەگوێرەی گرنگیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.(شلبي 1995، 32)
- ناوەندی بووڵتەن: لەبنیادنانی هەواڵەکاندا، بووڵتەن پشت بە هەمەچەشنکردنی هەواڵەکان دەبەستێت، ناوەڕاستی بووڵتنەکە مەیدانەکەیەتی، هەمەجۆریی هەواڵەکان دەبێتە هۆی ئارەزووی شوێنکەوتنی، وەک چۆن فرەچەشنی خۆی لەخۆیدا سەرنجڕاکێشییەکەی زیاددەکات پێشکەشکردنی هەواڵەکە بەجۆرێک، کە هەواڵەکە یەکدەنگ و هاوشێوە نەبێت، بەڵکو دەبێت هاوسەنگی لەنێوان جۆرەکانی هەواڵدا هەبێت، هەواڵی ناوخۆیی، هەرێمی، نێودەوڵەتی و کورتە هەواڵ لەخۆدەگرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام سەرنجی بینەر لەسەرەتای بووڵتنەکەوە تا کۆتاییەکەی ڕابکێشێت (شرف 2000، 12).
- کۆتایی بووڵتەن: بەهۆی گرنگیی کۆتایی بووڵتەن، هەندێکجار دەخرێتە ناو ئەدەبیاتی پێش ناوەندی بووڵتەن و یەکێک یان چەند هەواڵێکی گرنگ، کە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە بۆیان دەهێڵرێتەوە، وەک ئەوانەی پێشکەشدەکرێن لەسەرەتای بوڵێتنەکەدا لەسەر بنەمای ئەوەی، کە دوا هەواڵ شوێنەواری خۆی لەمێشکی وەرگردا بەجێدەهێڵێت و بە یادەوەرییەوە دەلکێت. ئێمە پێمان وایە کە بنەمایەکی تر هەیە بۆ دواهەواڵ، دوا هەواڵەکان، هەواڵی سۆفتن، جۆرێک لە رەگەزی خۆشی و کاتبەسەربردن و هیوایان تێدایە بۆ بینەر، چونکە لە کۆتایی گەشتێکی پڕ لە هەواڵی رووداوە سەختەکان دێن، بۆ نموونە هەواڵە هونەری و ناوازە و سەرنجڕاکێشەکان و هەواڵی داهێنانە زانستی و هونەرییەکان زۆرتر دەخرێنە کۆتایی بۆڵتنەکە بۆ دروستکردنی هەستی خۆشحاڵی لای بینەر(عرفة 2003، 55).

4. دەستەی تیمی بەرهەم هێنانی بووڵتەنی هەواڵەکان:

ئامادەکردنی بووڵتەنی هەواڵ لە هەر دامەزراوەیەکدا پێویستی کاری رۆژانەی تیمێک هەیە، کە ستافێکی گەورەیە، ناوی ئەم ستافەش لەدامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی دیکە جیاوازە بەگوێرەی قەبارەی چالاکییەکانی، هەروەها سروشتی ئەو ئەرکانە دەگۆڕێتەوە کە بە ئەندامانی ئەم تیمە سپێردراوە ئەمانەن:

- پەیامنێر: ئەو کەسەیە ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لەئامادەکردنی ڕاپۆرتە

هەواڵ، بەجۆرێک زانیاری دەهێنێت، کە دەبێت هاوشێوەی وێنەکان بێت و سوودی هەبێت لەتەواوکردنی شرۆڤە و بابەتەکانی دیکە، گرنگیی هەواڵەکە دەبێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی ژووری هەواڵ بگونجێت، پەیامنێر پێویستی بەم تایبەتمەندییانە هەیە، لەوانە داهێنان، بەهرە، ژیری خێرا، متمانە بەخۆبوون، هەمەچەشنی کولتوور، دەوڵەمەندی لەئەزموون (البدراني 2015، 18) .

- وێنەگری هەواڵی تەلەڤزیۆنی: دەرهێنەر و وەرگێڕە بۆ هەموو جوڵەی کامێرا و گۆشەکانی وێنەگرتن، کە دەرهێنەر لەسەر کاغەز دیزاینی دەکات، کاری وێنەگری هەواڵی تیڤی لەزۆر حاڵەتدا تەواوکاری کاری پەیامنێرە، ڕووماڵکردن، بەگشتی وێنەگری هەیە، کە ڕێنمایی لەپەیامنێرەکە وەردەگرێت سەبارەت بەو گرتەو گۆشانەی دەبێت وێنەی بگیرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەرکەکانی زۆرن، بۆیە لەوانەیە تیمێکی یاریدەدەری هەبێت بە ناوی تیمی وێنەگرتن، وەک یاریدەدەری دەنگ و یاریدەدەری ڕووناکی (الجميلي والعاني 2012، 259).
- بەڕێوەبەری ستۆدیۆ: بەڕێوەبەری ستۆدیۆ بەرپرسیارە لەبەڕێوەبردنی کارەکانی هەواڵ و بەرنامەکان، بەتایبەتی لەو بەرنامانەی ڕاستەوخۆ پەخشدەکرێن، یان تەنانەت پێشوەختە تۆمار دەکرێن، بەڕێوەبەری ستۆدیۆ، یان ئەو کەسەی پێیدەوترێت چاودێر دەبێت شارەزاییەکی زۆری هەبێت بۆ کاری میدیایی لەسەر شاشەکە. بەهۆی ئەو ئەزموونەی کە بەڕێوەبەری ستۆدیۆکە پراکتیزەی دەکات، ئەو بە زمانی ئاماژە قسە دەکات لەکاتی پەخشکردن یان تۆمارکردن لەگەڵ پێشکەشکاری بووڵتەن بەبێ ئەوەی بینەر ئاگاداری بێ. (البدراني 2015، 174)
- دەرهێنەری هەواڵ: سەرەڕای ئەوەی دەرهێنەری تەلەڤزیۆن کەسی یەکەمە لەبەرهەمهێنانی هەواڵ، بەڵام بابەتەکە جیاوازە، ئەو تەنیا بەرپرسیارە لەجێبەجێکردنی بووڵتنەکە بەپێی ئەوەی سەرنوسەر چی دیاریدەکات، لەزۆرێک لەکەناڵەکان تەنیا پەیوەندی بە بەڕێوەبەری بوڵیتنەکانی هەواڵەوە هەیە (شطاح 2007، 66).
- ڕێکخەران: ئەوان بەشێکی گرنگیی تیمی ئامادەکارین، ئەرکی زۆریان هەیە، دوای دابەشکردنی هەواڵەکە بەسەر سەرنوسەر و پەیامنێران، ئەم ڕێکخەرانە بەدواداچوون بۆ کارەکە دەکەن لەگەڵ تیمەکانی یەکەی SNG و دواتر ڕێنماییەکانی بگوازێتەوە بۆ ئەم تیمانە کە لەدەرەوەی دامەزراوەکە کاردەکەن و ڕێکخەران دەبێت ئاگاداری هەموو شتێک بن، کە هەمووان لەکوێن و چی دەکەن(حمدي وعراضة 2013، 27).

دووەم: پەیامنێر چەمک و جۆر و تایبەتمەندییەکانی

1. چەمکی پەیامنێر

لەنێو فەرهەنگی زانستی میدیادا چەمکی پەیامنێر چەندین پێناسە لەخۆدەگرێت، ئەم پێناسانەش لەنێوان خۆیاندا لەوەسفکردنی پەیامنێردا جیاوازن، هەندێک لەتوێژەران پێیانوایە زاراوەی "پەیامنێر" ئاماژەیە بۆ کەسێک کە وەک پەیامنێری دەرەکی کاردەکات، کارەکانی لەسەر کۆکردنەوەی هەواڵانەیە لەو وڵاتەی بۆی دەنێردرێت، بەگشتی پەیامنێر یەکێکە لەبەئەزموونترین ڕۆژنامەنووسەکان، لەلایەن کەناڵەکەوە دەنێردرێت بەمەبەستی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، ڕوونکردنەوەی وردیان لەسەر سروشتی ڕووداوەکان، پاشخان و چاوەڕوانییەکانیان سەبارەت بە داهاتوو لەژێر ڕۆشنایی خوێندنەوەی ئەو بۆ ڕاستیەکان بۆ دەنێرێت. لەوانەیە یەکێک لەئۆفیسەکانی لەشارێکی گەورە یان پایتەختێک بەڕێوەببات (علم الدين 2009، 137).

لەکاتێکدا هەندێکیدیکە پێیان وایە کارەکانی پەیامنێر لەدەرەوەی ئەو وڵاتەیە، کە کەناڵەکە تێیدا کاردەکات، هەروەها لەناوەوەی ئەو هەرێمە یان ئەو شارەیە کەناڵەکە لێیەوە پەخشدەکرێت، لەباری یەکەمدا پێیدەوترێت پەیامنێری دەرەکی، لەباری دووەمدا پێیدەوترێت پەیامنێری ناوخۆیی (سترنز 1989، 43).

(مۆری گرین) پێی وایە ناوی پەیامنێر لەلایەن تۆڕە هەواڵییەکانەوە بە ڕۆژنامەنووسەکانیان دراوە بۆ ئەوەی لەتەواوی کەناڵ و تۆڕەکانی دیکەی میدیا جیایان بکەنەوە (Green 1992, 271) .

دەزگا میدیاییە گەورەکان ژمارەیەکی زۆر پەیامنێران هەیە، لەهەموو جێیەکی جیهان ئامادەن بۆ ڕووماڵکرنی ڕووداوەکان، هەواڵ و زانیاری و ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوەکانی ئامادە دەکەن (قرداخي 2018، 110).

لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی پێشوودا، توێژەر دەتوانێت بەم شێوەیە وەسفی کاری پەیامنێر بکات:

- پەیامنێر میدیاکارێکە کە لەلایەن دامەزراوەیەکی میدیایی بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ نێردراوە.
- ئەرکی پەیامنێر بریتییە لەڕووماڵکردنی ڕووداوەکان و وەرگرتنی زانیاری و وردەکاری و هەموو شتێکی پەیوەست بە ڕووداوەکە و داڕشتنی لەڕاپۆرتێکدا.

2. گرنگیی پەیامنێر

پەیامنێر گرنگی خۆی هەیە لەسەرکەوتنی دامەزراوە میدیاییەکان کە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە(نصر وعبدالرحمن 2004):

1) پەیامنێر سەرچاوەیەکی تایبەتی زانیارییە بۆ ئەو دامەزراوە میدیاییەی کە کاری بۆ دەکات.
2) ئامادەبوونی پەیامنێر لەشوێنی ڕووداوەکە دڵنیایدەدات لەوەی کەناڵەکە وێنەیەکی تایبەت بەدەستدەهێنێت بۆ ئەو دامەزراوەی کاری بۆ دەکات.
3) پەیامنێر توانای خزمەتکردن بە سیاسەتی هەواڵی کەناڵەکەی هەیە بە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ بە پێدانی نوێترین و خێراترین زانیاری لەناو پۆڵتەنی هەواڵەکاندا.

3. تایبەتمەندییەکانی پەیامنێر

پەیامنێر دەبێت خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و لێهاتوویی بێت، کە شایستەی سەرکەوتنی لەپیشەکەیدا بێت، ئەوانیش بریتین لە:

1) پێویستە پەیامنێر خاوەن بڕوانامەیەکی زانستی و پیشەیی بێت، کە شایستەی ئەنجامدانی کارەکانی و بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی بێت بە تەواوی، ڕاپۆرتەکانی لەسەر بنەمای تێگەیشتن لەراستی بنیاتبنێت و بە وردی بیانخاتەڕوو و

بابەتی بێت.

2) پێویستە پەیامنێر توانای چاودێریکردنی هەبێت، لەگەڵ پەیوەستبوونی بە خێرایی و وردبینی لەکاردا.

3) پەیامنێر گرنگیی بەو کەسانە بدات لەشوێنی ڕووداوەکاندا چاویان پێیدەکەوێت، لەکەسی ئاساییەوە دەستپێبکات تا دەگاتە بەرزترین بەرپرس، چونکە ئەم گرنگیدانە یارمەتی پەیامنێر دەدات بۆ ئەوەی متمانەی کەسانی دیکە بەدەستبهێنێت (شفیق 2005 ، 145).

4) توانای دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندی لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵ.

5) هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاوی پەیوەندی و توانای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە کۆکردنەوەی هەواڵ و مۆنتاژ و پەخشکردندا (Mencher' 2009, 23) .

6) ئامادەکاری باش بکات بۆ ڕووماڵکردنی هەواڵەکان، پەیامنێر کە ڕووماڵی ڕووداوێک دەکات یان مامەڵە لەگەڵ بابەتێکدا دەکات، دەبێت زانیارییەکی وردی هەبێت لەسەر پاشخانەکەی و بارودۆخی دەوروبەر و گۆشە تاریکەکانی، بۆ ئەوەی بتوانێت وێنەیەکی گرنگ سەبارەت بەو ڕووداوەی کە ڕووماڵی دەکات بگەیەنێتە ڕای گشتی(حرب 2002، 64).

7) شارەزایی و توانای وێنە گرتنی هەبێت.

8) شارەزابوون لەزمانی دایک و ئاشنابوون بە زمانە بیانییەکانی دیکە.

9) شارەزایی باش لەفەرهەنگ و مێژووی ئەو وڵاتەی کاری تێدادەکات.

4. جۆرەکانی پەیامنێر

گرنگترین جۆرەکانی پەیامنێر خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

1) پەیامنێری هەمیشەیی یان "پەیامنێری نیشتەجێ": پەیامنێرێکە بۆ ماوەیەکی زۆر نوێنەرایەتی کەناڵێکی میدیایی دەکات لەیەکێک لەپایتەختەکان، یان شارەکانی جیهان، یاخود لەناوەخۆی وڵات و شارەکەی، بە مەبەستی ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی و ناردنی بۆ ئەو کەناڵەی، کاری بۆ دەکات. (نصر وعبدالرحمن 2004، 106). هەروەها بە ڕۆژنامەنووسێکی نیشتەجێ ناسراوە، کە لەوڵاتێکی بیانی بەردەوام ڕووماڵی هەواڵ بۆ کەناڵەکەی دەکات(أبوزيد 2008، 17).

2) پەیامنێری گەڕۆک: بەو پەیامنێرە دەناسرێت بۆ ئامادەکردنی ڕووماڵێکی بەرفراوانی هەواڵ لەنێوان وڵاتاندا گەشتدەکات. بەگشتی تایبەتمەندە لەڕووماڵکردنی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، کە لەوانەیە ژمارەیەک وڵات، یان شارە گەورەکانی بەردەوام، یان یەک لەدوای یەک لەخۆ بگرێت، نووسینگەکانی خۆی لەیەکێک لەم شارانەدا دەگرێت، کە پانتایی ڕووماڵەکەی دەیانگرێتەوە، لەئەگەری ڕووماڵکردنی هەواڵەکاندا لەنێوان پایتەختەکاندا دەجووڵێت و ڕووداوە گرنگەکان ڕووماڵ دەکات(علم الدين 2009، 139).

3) پەیامنێری ئازاد: دامەزراوە میدیاییەکان لەئێزگە ڕادیۆییەکان و کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان و تۆڕەهەواڵییە گەورەکاندا نەک تەنیا پشت بە پەیامنێرەکانیان دەبەستن، بەڵکو پشت بەو فریلانسەرانە دەبەستن، کە بەپێی پلانی خۆیان کاردەکەن، بۆ ئەوەی بابەتی نووسراو، یان وێنە و ڤیدیۆ بەدەستبهێنن. بۆ فرۆشتنی بە هەر ڕادیۆ یان تەلەڤزیۆنێک یان دەزگایەکی تر(جواد 1999 ، 124).

4) پەیامنێری جەنگ: ئەو پەیامنێرەیە، کە لەئەرکە چەکدارییەکانیاندا یاوەری هێزە چەکدارەکان دەکات، هەروەها ئەرکی دابینکردنی زانیاریی بە ڕاپۆرتی هەواڵ و لێکۆڵینەوە و وێنە بۆ ئەو دەزگا میدیاییەی دەگرێتە ئەستۆ، کە کاری بۆ دەکات. بەگشتی پەیامنێری جەنگ مۆڵەتێکی فەرمی هەیە، کە ڕێگەی پێدەدات یاوەری هێزە چەکدارەکان بێت، یان لەبەرەکانی جەنگدا جێگیر بێت(قرداخی 2018، 104).

5) پەیامنێری کاتی: پەیامنێرێک کە لەلایەن ئێزگەیەکی ڕادیۆیی یان کەناڵێکی تەلەڤزیۆنیەوە دەنێردرێت بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوێکی گرنگ، کە لەناوچەیەک ڕوودەدات کە پەیامنێری نییە لەئەگەری ڕوودانی ڕووداوی گەورەدا.

6) پەیامنێر بەپێی شوێنەکە دابەش دەکرێت بەسەر (راغب 2006، 27):

- پەیامنێری ناوخۆیی: پەیامنێری هەمیشەیی دامەزراوەی ڕادیۆ، یان تەلەڤزیۆنییە لەناوخۆی وڵات یان ئەو وڵاتەی، تێیدا کاردەکات، بۆ ئەوەی هەواڵ و زانیاری پێبدات سەبارەت بەو شتانەی لەناوخۆی وڵاتدا ڕوودەدەن.

- پەیامنێری دەرەکی: پەیامنێرێکە لەلایەن کەناڵێکی ڕادیۆ، یان تەلەڤزیۆنیەوە لەدەرەوەی ئەو وڵاتەی تێیدا کاردەکات دەینێرێت، بۆ ئەوەی هەواڵ و ڕاپۆرت لەسەر ڕووداو و پرسەکانی ئەو شوێنەی لێیەتی پێشکەشبکات. هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی "ئەو کەسەی، لەوڵاتێکی بیانییەوە هەواڵ و سەرنجەکان سەبارەت بە ڕووداوەکان دەنێرێت بۆ دەزگای ڕاگەیاندن، جا چ کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی بێت، یان ڕادیۆیەک". هەندێکجار ئەو پەیامنێرانە بە )نێردراویش) ناو

دەهێنرێن. واتا ئەوانەی بۆ ڕوماڵی بابەتێکی دیاریکراو، بە پێی پسپۆڕی و شارەزایی دەنێردرێت بۆ ڕوماڵی ڕوداوەکە ، بەمەبەستی گواستنەوەی زانیاری ڕاست و تەواو لەسەر ڕوداوەکە.

میدیا گەورەکان ئارەزووی ئەوەدەکەن لەپایتەختە گەورەکان، پەیامنێریان هەبێت، بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە لەهەموو ئەو ڕووداوانەی لەم وڵاتانەدا ڕوودەدەن، هەروەها حەز دەکەن زۆرێک لەوانە بنێرن بۆ شوێنەکانی ڕووداوە گرنگەکانی جیهان بۆ ئەوەی خێرا زانیاریان بۆ بگوازنەوە.

بەشی سێیەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

یەکەم : ڕێکاری مەیدانی توێژینەوەکە

1- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:

| گۆڕاوەکان | یەکەی گۆڕاوەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەیی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 31 | 88.6% |
| | مێ | 4 | 11.4% |
| تەمەن | کەمتر لە30 ساڵ | 5 | 14.3% |
| | 31-35 ساڵ | 19 | 54.3% |
| | 36-40 ساڵ | 9 | 25.7% |
| | 41ساڵ و زیاتر | 2 | 5.7% |
| بڕوانامەی زانستی | ئامادەیی | 4 | 11.4% |
| | دبلۆم | 9 | 25.7% |
| | بەکالۆریۆس | 19 | 54.3% |
| | ماستەر | 3 | 8.6% |
| ساڵانی کارکردن وەک پەیامنێر | کەمتر لە1ساڵ | 1 | 2.9% |
| | 1-5 ساڵ | 9 | 25.7% |
| | 6-10 ساڵ | 10 | 28.6% |
| | 11-16 ساڵ | 10 | 28.6% |
| | 17 ساڵ زیاتر | 5 | 14.3% |

مەبەست لەمیتۆدی توێژینەوە دیاریکردنی ئەو ڕێگەیەیە، کە توێژەر پەیڕەوی دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی توێژینەوەکەی. ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی وەسفییە(Descriptive Research)، کە لەگەڵ شێوازی توێژینەوەکە گونجاوە، توێژینەوەی وەسفی(جۆرێکە لەو توێژینەوانەی بە ئاراستەی وەسفی دیاردەیەکی میدیایی کە زانیاری لەبارەیەوە لەبەردەستدایە، لەو چوارچێوەیەدا باس لەڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بۆڵتنەکانی هەواڵی تەلەفزیۆنی دەکات، بۆ گەیشتن بە وەڵامدانەوەی ئامانجەکان، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی(Survey Method) بەکارهێناوە. کە میتۆدێکی گونجاوە بۆ سروشتی ئەم توێژینەوە تاکو لەچوارچێوەیەکی زانستیدا لەگەڵ هێنانەدیی ئامانجەکانی و بەدەستهێنانی زانیاری ورد و تەواو بگونجێت.

2- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە، هەنگاوێکە لەهەنگاوەکانی دەستنیشانکردنی سامپلی توێژینەوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە برێتیە پەیامنێرانی کەناڵی ڕووداو.

3- سامپلی توێژینەوەکە:

سامپلی توێژینەوە، بەشێکی هەڵبژاردراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، گوزارشت لە وێناکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکات. سامپلی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە(35) پەیامنێر لەکەناڵی ڕووداو، کە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون.

4- سنووری توێژینەوە:

- سنووری کاتی: توێژینەوە مەیدانییەکە لەماوەی (15/9/2022- 15/7/2022 ) جێبەجێ کراوە.
- سنووری مرۆیی: ئەو پەیامنێرانەی کە لەبەشی هەواڵی کەناڵی ڕووداو کاردەکەن.

5- کەرەستەی توێژینەوە

توێژەر لەم توێژینەوەیە فۆرمی ڕاپێوی بەکارهێناوە، کە یەکێکە لە کەرەستەکانی کۆکردنەوەی داتاکان و بریتیە لە لاپەڕەیەك کە کۆمەڵێك لەو پرسیارانەی تێدایە، پەیوستن بە بابەتی توێژینەوەکە.

6-ڕوواڵەتە درووستیی و جێگیری:

- ڕوواڵەتە درووستی: توێژەران لەپاش درووستکردنی فۆرمی سەرەتایی ڕاپێوی توێژینەوەکە، بەمەبەستی بەهێزکردنی ناوەرۆکەکەی لە رووی زانستییەوە، وێنەیەك لە فۆرمەکەیان ئاراستەی ٣ پسپۆڕی بواری میدیا، پاشان بەوردی سەرجەم تێبینی و سەرنجەکانیان لەسەر فۆرمەکە جێبەجێکرد و بەوجۆرە فۆرمەکە شێوەی کۆتایی وەرگرت، هەڵسەنگاندنی شارەزایان دەرکەوت ڕێژەی سەدی ڕاستیی ڕواڵەتی بریتییە لە (88%)
- جێگیری: لە ڕادەی جێگیریی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپێوی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشەی(الفا کرونباخ)ی بەکار هێناوە، لەم توێژینەوەیەشدا بەهاکەی بریتییە لە(0.906)، کە ئەمە بەهایەکی بەرزی ڕادەی جێگیری بۆ ئەنجامی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی پیشان دەدات.

7- گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوە چەند گۆڕاوێکی گرنگ لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە:

- گۆڕاوی سەربەخۆ: گۆڕاوی سەربەخۆی توێژینەوەکە بریتییە لە(پەیامنێران).
- گۆڕاوی جێکەوتە: بریتییە لە(بووڵتەنی هەواڵەکانی کەناڵی ڕووداو).

دووەم : خستنەرووی داتا و زانیارییەکان

1. پرسیارە گشتییەکان

خشتەی 1زانیارییەکانی سامپلی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە

لەم خشتەیە سەرەوەدا کە زانیارییەکانی سامپلی توێژینەوە دیاری دەکات لەتەوەری یەکەمدا ڕەگەزی سامپلی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە، ڕەگەزی نێر لە سامپلی توێژینەوە بەرێژەی(88.6%) بە پلەی یەکەم هاتووە بە(31) دووبارەبوونەوە، ڕەگەزی مێ بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (11.4%) بە(4) دووبارەبوونەوە.

لەبارەی زانیاری تەمەنی سامپلی توێژینەوە (31-35 ساڵ) بەرێژەی(54.3%) بە پلەی یەکەم هاتووە بە(19) دووبارەبوونەوە، (36-40ساڵ) بە پلەی دووەم دێت

بەڕێژەی(25.7%) بە(9) دووبارەبوونەوە، هەروەها لەپلەی سێیەمدا (کەمتر لە30 ساڵ) دێت بەڕێژەی(14.3%) بە(5) دووبارەبوونەوە، لەپلەی چوارەم و کۆتاییدا ئەوانەی41)ساڵ و زیاتر) دێت بەڕێژەی(5.7%) بە(2) دووبارەبوونەوە دێت.

لەرووی بڕوانامەی زانستی سامپلی توێژینەوە، (بەکالۆریۆس) بە پلەی یەکەم بەڕێژەی (54.3%) هاتووە بە(19) دووبارەبوونەوە، (دبلۆم) بە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی(25.7%) بە(9) دووبارەبونەوە، هەروەها لە پلەی سێیەمدا (ئامادەیی) بەڕێژەی(11.4%) بە(4) دووبارەبوونەوە دێت، لەپلەی چوارەم (ماستەر) دێت بەڕێژەی(8.6%) بە(3) دووبارەبوونەوە دێت.

لەرووی ساڵانی کارکردن وەک پەیامنێری سامپلی توێژینەوە(10-6 ساڵ) و(16-11ساڵ) بە پلەی یەکەم هاتوونە بەڕێژەی(28.6%) بە(10) دووبارەبوونەوە، (5-1ساڵ) بە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی(25.7%) بە(9) دووبارەبوونەوە، هەروەها لەپلەی سێیەمدا (17ساڵ زیاتر) دێت بەڕێژەی(14.3%) بە(5) دووبارەبوونەوە، لەپلەی چوارەم و کۆتایدا ئەوانەی (کەمتر لە1 ساڵ) دێت بەڕێژەی (2.9%) بە(1) دووبارەبوونەوە دێت.

2. پرسیارە تایبەتیەکان :

تەوەری یەکەم: ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان

خشتەی2 ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنەکانی هەواڵ روون دەکاتەوە

| برگە | پرسیارەکان | هاوڕام بە تەواوی | | هاوڕام | | بێلایەنم | | هاوڕانیم نیە | | هاوڕام نیە بە تەواوی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % |
| 1. | هەڵبژاردنی هەواڵی گرنگ و گونجاو لەگەڵ سروشتی جەماوەر | 13 | %37.1 | 19 | %54.3 | 0 | %0 | 2 | %5.7 | 1 | %2.9 |
| 2. | تیشک خستنەسەر بابەتەکان بەشێوەیەکی ورد و پوخت | 21 | %60.0 | 10 | %28.6 | 2 | %5.7 | 1 | %2.9 | 1 | %2.9 |
| 3. | دارشتنی پێشەکییەکی سەرنجڕاکێش | 18 | %51.4 | 13 | %37.1 | 1 | %2.9 | 2 | %5.7 | 1 | %2.9 |
| 4. | هەڵبژاردنی باشترین دیمەن | 19 | %54.3 | 13 | %37.1 | 0 | %0 | 2 | %5.7 | 1 | %2.9 |
| 5. | فۆکس خستنە کەسایەتییە کاریگەرەکان | 13 | %37.1 | 16 | %45.7 | 1 | %2.9 | 4 | %11.4 | 1 | %2.9 |
| 6. | فۆکس خستنە سەر گرنگترین بەهاکانی هەواڵ | 18 | %51.4 | 11 | %31.4 | 3 | %8.6 | 2 | %5.7 | 1 | %2.9 |
| 7. | رووماڵی رووداوە ناوخۆییەکان بە بەردەوامی | 14 | %40.0 | 17 | %48.6 | 0 | %0 | 2 | %5.7 | 2 | %5.7 |
| 8. | گەڕان بە دوای زانیاری نوێ و بڵاونەکراوە لەسەر رووداوەکان | 21 | %60.0 | 10 | %28.6 | 0 | %0 | 3 | %8.6 | 1 | %2.9 |
| 9. | ئامادەبوونی پەیامنێران لەنزیکترین شوێنی رووداوەکان | 20 | %57.1 | 10 | %28.6 | 1 | %2.9 | 3 | %8.6 | 1 | %2.9 |
| 10. | خێرایی لەگواستنەوەی زانیارییەکاندا | 16 | %45.7 | 14 | %40.0 | 0 | %0 | 3 | %8.6 | 2 | %5.7 |
| 11. | دەرفەتدان بە گشت لایەنەکانی بەشدار تێو رووداوەکان. | 21 | %60.0 | 12 | %34.3 | 0 | %0 | 1 | %2.9 | 1 | %2.9 |
| 12. | شارەزایی لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ لەگواستنەوەی رووداوەکاندا | 7 | %20.0 | 19 | %54.3 | 1 | %2.9 | 6 | %17.1 | 2 | %5.7 |

لەم خشتەیەدا، کە ڕۆڵی پەیامنێران لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان روونەکاتەوە لەبرگەی 1 دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(54.3%)ی سامپلی توێژینەوەکە هاوڕان، کە پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە هەڵبژاردنی هەواڵی گرنگ و گونجاو لەگەڵ سروشتی جەماوەر، بە(19) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی کە هاوڕان بەتەواوی بەڕێژەی(37.1%) بە(13) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی هاوڕانین ڕێژەیان(5.7%) بە(2) دووبارەبوونەوە، هەروەها ڕێژەی(2.9%) لەسامپلی توێژینەوە هاوڕانین بەتەواوی بە(1) دووبارەبوونەوە.

ئەگەر سەرەنج بدەین لەم دەرئەنجامی ئەم برگەیە دەبینین پەیامێنران ڕۆڵی خۆیان بەگرنگ دەزانن لە هەڵبژاردنی باشترین و گرنگترین و گونجاوترین هەواڵ تا لەگەڵ سروشتی جەماوەرە بگونجێت.

لەبرگەی 2 خشتەی (2) دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(60.0%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی، کە پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە تیشک خستنەسەر بابەتەکان بەشێوەیەکی ورد و پوخت، بە(21) دووبارەبوونەوە، هەروەها (28.6%) سامپلی توێژینەوە هاوڕان بە(10) دووباربوونەوە، کەچی (5.7%)ی سامپلی توێژینەوە بە بێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە بە(2) دووبارەبوونەوە، ئەوانەی هاوڕانین و هاوڕانین بەتەواوی (2.9%) بە (1)دووبارەبوونەوە دێت.

ئەنجامی ئەم برگەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پەیامنێران زۆری بە ووردی بەدوایی زانیاریی و هەواڵەکانن ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی بولتەنی هەواڵەکان کە ئامانجی تیشک خستنە سەر رووداوەکانە بەشێوەیەکی وورد.

لەبرگەی 3 خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(51.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بە تەواوی کە پەیامنێران ڕۆڵیان لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە دارشتنی پێشەکییەکی سەرنجڕاکێش، بە(18) دووباربوونەوە. ئەوانەی هاوڕان بەڕێژەی(37.1%) بە (13) دووبارەبوونەوە، کەچی (5.7%) سامپلی توێژینەوە بە(2) دووبارەبوونەوە هاوڕانین، هەروەها ئەوانەی بێ لایەن و هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(2.9%)ە بە(1) دووبارەبوونەوە.

دارشتنی ناونیشان و پێشەکیەکی سەرەنجراکێش کاریگەری لەسەر وەرگران دەبێت هەربۆیە پەیامنێران بەگرنگی دەزانن.

لەبرگەی4 خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(54.3%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوەتی، کە پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە هەڵبژاردنی باشترین دیمەن، بە(19) دووبارەبوونەوە هاتووە، ئەوانەی کە هاوڕان بەڕێژەی(37.1%) بە(13) دووبارەبوونەوە، کەچی (5.7%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە(2) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی هاوڕانین بەتەواوی ڕێژەیان(2.9%)ە بە(1) دووبارەبوونەوە.

وێنە گرنگترین ڕەگەزی سەرەنج ڕاکێشە ڕاستی و رووداوەکان وەک خۆی دەگوازێتەوە هەر بۆیە بولتەنی هەواڵە گرنگی زۆر بەو رووداونە دەدەن کە وێنەی بەگەڵدایە.

لەبرگەی5 خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(45.7%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان، پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە فۆکس خستنە کەسایەتییە کاریگەرەکان، بە(16) دووبارەبوونەوە هاتووە. ئەوانەی کە هاوڕان بەتەواوی بەڕێژەی (37.1%)ە بە(13) دووبارەبوونەوە، کەچی(11.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە(4) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی بێ لایەن و هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(2.9%) بە (1) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی6 خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(51.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی کە پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە فۆکەس خستنە سەر گرنگترین بەهاکانی هەواڵ، بە(18) دووبارەبوونەوە، هەروەها (31.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بە(11) دووباربوونەوە، کەچی (8.6%)ی سامپلی توێژینەوە بە بێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە بە(3) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی هاوڕانین بە (5.7%) وە بە (2)دووبارەبوونەوە دێت، هەرچی ئەوانەی هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(2.9%) بە (1) دووبارەبوونەوە.

ئەگەر سەرەنج بدەین لەم دەرئەنجامەوە ڕۆڵی پەیامنێرانمان بۆدەردەکەوێت کە دەست نیشانکردنی هەواڵ بەپێی بەهاکان.

لەبڕگەی7 خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(48.6%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان. پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە ڕووماڵی ڕووداوە ناوخۆییەکان بە بەردەوامی، بە(17) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی هاوڕان بەتەواوی بەڕێژەی(40.0%)ە بە(14) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی هاوڕانین و هاوڕانین بەتەواوی ڕێژەیان(5.7%)ە بە(2) دووبارەبوونەوە.

لەم دەرئەنجامە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سامپلی توێژینەوە بەشی زۆریان نیشتەجێ هەرێمی کوردستانن بۆیە باشی دەزانن زیاتر گرنگی بە ڕووداوە ناوخۆیی بدەن.

لەبڕگەی 8 خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی (60.0%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی کە پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە گەڕان بە دوای زانیاری نوێ و بڵاونەکراوە لەسەر ڕووداوەکان، بە(21) دووبارەبوونەوە، هەروەها (28.6%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بە(10) دووباربوونەوە، کەچی (8.6%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە(3) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی هاوڕانین بەتەواوی (2.9%) بە (1)دووبارەبوونەوە دێت.

یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی کە بوڵتەنی هەواڵەکان هەیەتی زانیاری نوێ و بڵاونەکراوە لەسەر ڕووداوەکان بڵاو بکاتەوە، کاری پەیامنیران بریتییە لە گەڕان بەدوایی نوێترین زانیاری ئەمەش هاریکارێکی گرنگە.

لەبڕگەی9 خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(57.1%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوەتی، پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە ئامادەبوونی پەیامنێران لەنزیکترین شوێنی ڕووداوەکان، بە(20) دووبارەبوونەوە هاتووە، ئەوانەی کە هاوڕان بەڕێژەی(28.6%)ە بە(10) دووبارەبوونەوە، کەچی(8.6%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە(3) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی بێ لایەن و هاوڕانین بەتەواوی ڕێژەیان(2.9%)ە بە(1) دووبارەبوونەوە.

نزیکی پەیامنێران لە شوێنی ڕووداوەکان زۆر گرنگە لەبەر ئەوە ڕاستیەکان ڕاستەوخۆ لە پەیامنێرانەوەی دەکاتە وەرگران.

لەبڕگەی 10 خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(45.7%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی کە پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە خێرایی لەگواستنەوەی زانیارییەکاندا، بە(16) دووبارەبوونەوە، هەروەها (40.0%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بە(14) دووباربوونەوە، کەچی (8.6%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە(3) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی هاوڕانین بە تەواوی (5.7%) بە (2)دووبارەبوونەوە دێت.

لەبڕگەی11 خشتەی(2)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(60.0%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوەتی، پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە دەرفەتدان بە گشت لایەنەکانی بەشدار نێو ڕووداوەکان، بە(21) دووبارەبوونەوە هاتووە، ئەوانەی کە هاوڕان بەڕێژەی(34.3%)ە بە(12) دووبارەبوونەوە، ئەوانەی هاوڕانین و هاوڕانین بەتەواوی (2.9%) بە (1)دووبارەبوونەوە دێت.

لەبڕگەی 12ی خشتەی(3) دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(54.3%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان. پەیامنێران ڕۆڵیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە شارەزایی لەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵ لەگواستنەوەی ڕووداوەکاندا، بە(19) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی کە هاوڕان بەتەواوی بەڕێژەی(20.0%)ە بە(7) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی هاوڕانین ڕێژەیان(17.1%)ە بە(6) دووبارەبوونەوە. ڕێژەی(5.7%) لەسامپلی توێژینەوە هاوڕانین بەتەواوی بە(2) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی بێ لایەنن بە ڕێژەی(2.9%) وە بە(1) دووبارەبوونەوە دێن.

ئەگەر تێبنی ئەم برگەیە بکەین دەردەکەوێت کە پەیامنێرانی کەناڵی ڕووداو سوودیان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا وەرگرتووە ل بووڵتەنی هەواڵەکانیان.

تەوەری دووەم: گرنگترین ئەو فاکتەر کاریگەرییان لەسەر پەیامنێر هەیە

خشتەی 3 گرنگترین ئەو فاکتەر کاریگەرییان لەسەر پەیامنێر هەیە روون دەکاتەوە

| | برگە | پرسیارەکان | هاوڕام بە تەواوی | | هاوڕام | | بێلایەنم | | هاوڕانیم نیم | | هاوڕام نیم بە تەواوی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % |
| فاکتەرە ناوخۆییەکانی بەردەم کاری پەیامنێران | .13 | فاکتەری تاکەکەسی (باری دەرونی، کیشەی خێزانی،ئابوری) | 8 | %22.9 | 16 | %45.7 | 3 | %8.6 | 6 | %17.1 | 2 | %5.7 |
| | .14 | گرفتە تەکنیکانی وێنەگرتن و مونتاژ | 11 | %31.4 | 17 | %48.6 | 1 | %2.9 | 5 | %14.3 | 1 | %2.9 |
| | .15 | نەدانی دەرفەتی یەکسان بەپەیامنێران بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان لەئەرکە دەرەکییەکان دا | 11 | %31.4 | 14 | %40.0 | 6 | %17.1 | 3 | %8.6 | 1 | %2.9 |
| | .16 | نەبوونی سیستەمێکی هاندان بۆ پەیامنێران | 7 | %20.0 | 18 | %51.4 | 5 | %14.3 | 3 | %8.6 | 2 | %5.7 |
| | .17 | نادادپەروەری کردن لەپاداشتکردنی پەیامنێران | 6 | %17.1 | 18 | %51.4 | 3 | %8.6 | 6 | %17.1 | 2 | %5.7 |
| | .18 | خراپی پەیوەندی لەنێوان پەیامنێران | 8 | %22.9 | 16 | %45.7 | 2 | %5.7 | 8 | %22.9 | 1 | %2.9 |
| | .19 | ناڕوونی ڕێنمایە کارگێڕی و پیشەیەکان کارکردن | 12 | %34.3 | 22 | %62.9 | 0 | %0 | 0 | %0 | 1 | %2.9 |
| فاکتەرە دەرەکییەکان | .20 | فشارەکانی کاری ڕۆژانە و فاکتەری کات | 6 | %17.1 | 19 | %54.3 | 5 | %14.3 | 0 | %0 | 5 | %14.3 |
| | .21 | خراپی هەماهەنگی لەنێوان پەیامنێرەکە و ژووری هەواڵ | 12 | %34.3 | 18 | %51.4 | 4 | %11.4 | 0 | %0 | 1 | %2.9 |
| | .22 | نەبوونی سەلامەتی پیشەیی | 12 | %34.3 | 19 | %54.3 | 1 | %2.9 | 0 | %0 | 3 | %8.6 |
| | .23 | بە هەند وەرنەگرتنی ماندوبونی پەیامنێران لەلایەن ژووری هەواڵە | 20 | %57.1 | 12 | %34.3 | 1 | %2.9 | 1 | %2.9 | 1 | %2.9 |

لەم خشتەیەدا گرنگترین فاکتەرە ناوخۆیی و دەرکییەکان کە کاریگەرییان لەسەر پەیامنێر هەیە روون دەکاتەوە لەبرگەی 13 دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(45.7%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان، فاکتەری تاکەکەسی باری دەرونی، کیشەی خێزانی، ئابوری کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(16) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی کە هاوڕان بەتەواوی بەڕێژەی(22.9%)ە بە(8) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی هاوڕانین ڕێژەیان(17.1%)ە بە(6) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی(8.6%)ی سامپلی توێژینەوە بێ لایەنن بە(3) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی(5.7%) لەسامپلی توێژینەوە هاوڕانین بەتەواوی بە(2) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی14خشتەی (3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(48.6%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان، گرفتە تەکنیکیەکانی وێنەگرتن و مونتاژ کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(17) دووبارەبوونەوە هاتووە. ئەوانەی کە هاوڕان بەتەواوی بەڕێژەی(31.4%)ە بە(11) دووبارەبوونەوە، کەچی (14.3%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە(5) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی بێ لایەن و هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(2.9%) بە (1) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی15 خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(40.0%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان کە نەدانی دەرفەتی یەکسان بەپەیامنێران بۆ ڕوومالْکردنی ڕووداوەکان لەئەرکە دەرەکییەکان دا کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(14) دووبارەبوونەوە، هەروەها (31.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی بە(11) دووباربوونەوە، کەچی (17.1%)ی سامپلی توێژینەوە بە بێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە بە(6) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی هاوڕانین بە ڕێژەی (8.6%) بە (3)دووبارەبوونەوە دێت، هەرچی ئەوانەی هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(2.9%) بە (1) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی 16خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(51.4 %)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان کە نەبوونی سیستەمێکی هاندان بۆ پەیامنێران کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(18) دووبارەبوونەوە، هەروەها (20.0%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی بە(7) دووباربوونەوە، کەچی (14.3%)ی سامپلی توێژینەوە بە بێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە بە(5) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی هاوڕانین بە ڕێژەی (8.6%) بە (3)دووبارەبوونەوە دێت، هەرچی ئەوانەی هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(5.7%) بە (2) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی 17خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(51.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان کە نادادپەروەری کردن لەپاداشتکردنی پەیامنێران کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(18) دووبارەبوونەوە، ئەوانەی بە تەواوی هاوڕان بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانەی هاوڕانین دێن بە ڕێژەی(17.1%)ە بە(6) دووبارەبوونەوە، هەرچی ئەوانەی بێ لایەنن بە ڕێژەی (8.6%) بە (3)دووبارەبوونەوە، ئەوانەشی هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(5.7%) بە (2) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی 18خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی (45.7%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان کە خراپی پەیوەندی لەنێوان پەیامنێران کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(16) دووبارەبوونەوە، ئەوانەی بە تەواوی هاوڕان بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانەی هاوڕانین دێن بە ڕێژەی(22.9%)ە بە(8) دووبارەبوونەوە، ئەوانەشی بێ لایەنن بە ڕێژەی (5.7%) بە (2)دووبارەبوونەوە، هەرچی ئەوانەی هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(2.9%) بە (1) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی 19خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی (62.9%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان کە ناڕوونی ڕێنمایی کارگێری و پیشەیەکان کارکردن کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(22) دووبارەبوونەوە، هەروەها (34.3%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی بە(12) دووباربوونەوە، کەچی (9.2%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە تەواوی بە (1) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی 20 خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی (54.3%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان کە فشارەکانی کاری ڕۆژانە و فاکتەری کات کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(19) دووبارەبوونەوە، ئەوانەی هاوڕان بە تەواوی بە ڕێژەی(17.1%) بە(6) دووبارەبوونەوە، ئەوانەی بێ لایەنن بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانەی هاوڕانین بە ڕێژەی (14.3%) بە (5)دووبارەبوونەوە دێن.

لەبڕگەی21 خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(51.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان، خراپی هەماهەنگی لەنێوان پەیامنێرەکە و ژووری هەواڵ کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(18) دووبارەبوونەوە هاتووە، ئەوانەی کە هاوڕان بەتەواوی بەڕێژەی(34.3%)ە بە(12) دووبارەبوونەوە، کەچی (11.4%)ی سامپلی توێژینەوە بێ لایەنن بە(4) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(2.9%) بە (1) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی 22خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(54.3%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان کە نەبوونی سەلامەتیی پیشەیی کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(19) دووبارەبوونەوە، هەروەها (34.3%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی بە(12) دووباربوونەوە، کەچی (6.8%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە تەواوی بە (3) دووبارەبوونەوە. هەروەها (2.9%)ی سامپلی توێژینەوە بێ لایەنن بە(1) دووبارەبوونەوە،

لەبڕگەی23 خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(57.1%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوەتی، بە هەند وەرنەگرتنی ماندوبونی پەیامنێران لەلایەن ژووری هەوال کاریگەرییان لەبەردەم کاری پەیامنێران هەیە، بە(20) دووبارەبوونەوە هاتووە، ئەوانەی کە هاوڕان بەڕێژەی(34.3%)ە بە(12) دووبارەبوونەوە، کەچی (2.9%)ی سامپلی توێژینەوە بەهاوبەشی بێ لایەن و هاوڕانین بەتەواوی بە(1) دووبارەبوونەوە

تەوەری سێیەم: کارامەیي کەسی لەکاری پەیامنێر دا

خشتەی 4 کارامەیي کەسی لەکاری پەیامنێر روون دەکاتەوە

| بڕگە | پرسیارەکان | هاوڕام بە تەواوی | | هاوڕام | | بێلایەنم | | هاوڕانیم نیم | | هاوڕام نیم بە تەواوی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی % |
| .24 | شارەزایی تەواو لەتەکنیکی ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەفزیۆنی دا | 18 | %51.4 | 16 | %45.7 | 3 | %8.6 | 6 | %17.1 | 2 | %5.7 |
| .25 | شارەزایی تەواو لەتەکنیکی وەرگرتنی لێدوانەدا | 20 | %57.1 | 12 | %34.3 | 2 | %5.7 | 0 | %0 | 1 | %2.9 |
| .26 | خاوەنی زمانێکی پوخت و ڕەوان بێت. | 18 | %51.4 | 15 | %42.9 | 3 | %8.6 | 0 | %0 | 1 | %2.9 |
| .27 | شارەزایی لەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای مۆدێرن و پرۆگرامەکانی لەبواری دارشتنەوەی نووسینی هەواڵ. | 20 | %57.1 | 12 | %34.3 | 1 | %2.9 | 1 | %2.9 | 1 | %2.9 |
| .28 | بەردەوام پەرەدا بە ئاستی ڕۆشنبیری گشتی و هۆشیاری سیاسی خۆم دەدەم | 19 | %54.3 | 16 | %45.7 | 3 | %8.6 | 6 | %17.1 | 2 | %5.7 |
| .29 | پتەوکردنی پەیوەندیە کەسایەتیەکانم لەگشت ئاستە فەرمی و نافەرمیەکاندا | 18 | %51.4 | 14 | %40.0 | 1 | %2.9 | 0 | %0 | 1 | %2.9 |
| .30 | سود وەرگرتن لەئەزموونی میدیاکارانی بەتوانا | 16 | %45.7 | 11 | %31.4 | 3 | %8.6 | 2 | %5.7 | 3 | %8.6 |

لەم خشتەیەدا کارامەیي کەسی لەکاری پەیامنێر ڕووندەکاتەوە لەبرگەی 24 دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(51.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی. شارەزایی تەواو لەتەکنیکی ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی دا کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر کاری پەیامنێری هەیە، بە(18) دووبارەبوونەوە، ئەوانەی کە هاوڕان

بەڕێژەی(45.7%)ە بە(16) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی هاوڕانین ڕێژەیان(17.1%)ە بە(6) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی(8.6%) لەسامپلی توێژینەوە بێ لایەنن بە(3) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی(5.7%) لەسامپلی توێژینەوە هاوڕانین بەتەواوی بە(2) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی25 خشتەی(4)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(57.1%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوەتی، شارەزایی تەواو لەتەکنیکی وەرگرتنی لێدواندا کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر کاری پەیامنێری هەیە، بە(20) دووبارەبوونەوە هاتووە، ئەوانەی کە هاوڕان بەڕێژەی(34.3%)ە بە(12) دووبارەبوونەوە، کەچی (5.7%) سامپلی توێژینەوە بە (2)دووبارەبوونەوە بێ لایەنن، هەروەها (2.9%)سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە تەواوەتی بە (1)دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی26 خشتەی(4)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(51.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوەتی، خاوەنی زمانێکی پوخت و ڕەوان بێت کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر کاری پەیامنێری هەیە، بە(18) دووبارەبوونەوە هاتووە، ئەوانەی کە هاوڕان بەڕێژەی(42.9%)ە بە(15) دووبارەبوونەوە، کەچی (6.8%) سامپلی توێژینەوە بە (1)دووبارەبوونەوە بێ لایەنن، هەروەها (2.9%)سامپلی توێژینەوە هاوڕانین بە تەواوەتی بە (1)دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی27 خشتەی(3)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(57.1%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوەتی، شارەزایی لەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای مۆدێرن و پرۆگرامەکانی لەبواری داڕشتنەوەی نووسینی هەواڵ کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر کاری پەیامنێری، بە(20) دووبارەبوونەوە هاتووە، ئەوانەی کە هاوڕان بەڕێژەی(34.3%)ە بە(12) دووبارەبوونەوە، کەچی (2.9%)ی سامپلی توێژینەوە بەهاوبەشی بێ لایەن و هاوڕانین و هاوڕانین بەتەواوی بە(1) دووبارەبوونەوە

لەبڕگەی 28 خشتەی(4)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(54.3%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بە تەواوی بەردەوام پەرەدان بە ئاستی ڕۆشنبیری گشتی و هۆشیاری سیاسی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر کاری پەیامنێری هەیە، بە(19) دووبارەبوونەوە هاتووە. ئەوانەی کە هاوڕان بەڕێژەی(45.7%)ە بە(16) دووبارەبوونەوە، کەچی (17.1%)ی سامپلی توێژینەوە بە(6) دووبارەبوونەوە هاوڕانین، هەروەها ئەوانەی بێلایەن بە ڕێژەی(8.6%) وەبە (3) دووبارەبوونەوە دێت لەدوایی ئەوانەی هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(5.7%)ە بە(2) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی29 خشتەی(4)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(51.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی، پتەوکردنی پەیوەندییە کەسایەتییەکان لەگشت ئاستە فەرمی و نافەرمییەکاندا کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر کاری پەیامنێری، بە(18) دووبارەبوونەوە هاتووە. ئەوانەی کە هاوڕان بەڕێژەی(40.0%)ە بە(14) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی بێ لایەن و هاوڕانین بە تەواوی ڕێژەیان(2.9%) بە (1) دووبارەبوونەوە.

لەبڕگەی30 خشتەی(4)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(45.7%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بەتەواوی کە سود وەرگرن لەئەزموونی میدیاکارانی بەتوانا کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر کاری پەیامنێری هەیە، هاتووە بە(16) دووبارەبوونەوە، هەروەها (31.4%)ی سامپلی توێژینەوە هاوڕان بە(11) دووباربوونەوە، کەچی (8.6%)ی سامپلی توێژینەوە بەهاوبەشی بێ لایەن و هاوڕانین بە تەواوی بە(3) دووبارەبوونەوە، هەرچی ئەوانەی هاوڕانین ڕێژەیان(5.7%) بە (2) دووبارەبوونەوە.

## دەرئەنجامەکان

دوا بەدوای بە ئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیە ، توێژەر بەچەند دەرئەنجامێک گەیشتوە، کە بە چەند خاڵێک دەیانخەینەڕوو:

1. پەیامنێران ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەدەوڵەمەندکردنی بووڵتەنی هەواڵەکان بە هەڵبژاردنی هەواڵی گرنگ، تیشک خستنەسەر بابەتەکان بەشێوەیەکی ورد و پوخت و خێرایی گواستنەوەی زانیارییەکاندا، هەروەها ئامادەبوونی پەیامنێران لەنزیکترین شوێنی ڕووداوەکان و گەڕان بە دوای زانیاری نوێ و بڵاونەکراوە لەسەر ڕووداوەکان.
2. گرنگترین ئەو فاکتەرە ناوخۆییانەی بەردەم کاری پەیامنێران، کە کاریگەرییان لەسەر پەیامنێر هەیە بریتین لەنەبوونی سیستەمێکی هاندان بۆ پەیامنێران و ناداپەروەری لەپاداشتکردنی پەیامنێران و ناڕوونی ڕێنمایە کارگێڕی و پیشەییەکانی کارکردن.
3. گرنگترین ئەو فاکتەرە دەرەکییانەی بەردەم کاری پەیامنێران، کە کاریگەرییان لەسەر پەیامنێر هەیە بریتین لەفشارەکانی کاری ڕۆژانە، فاکتەری کات و بە هەند وەرنەگرتنی ماندوبونی پەیامنێران لەلایەن زووری هەواڵەوە.
4. گرنگترین کارامەیی کەسییەکان لەکاری پەیامنێر، بریتیە شارەزایی تەواو لەتەکنیکی ڕاپۆرتە هەواڵی تەلەڤزیۆنی و هەروەها شارەزایی تەواو لەتەکنیکی وەرگرتنی لێدواندا.

## لیستی سەرچاوەکان


- اياد أبوعرقوب(2012). الإعلام الإذاعي والتلفزيوني. عمان: مكتبة المدينة.
- بەهات حسيب قرداخي(2018). المراسل التلفزيوني والعوامل المؤثرة في إنتاج المادة الخبرية. اربيل: مركز دراسات رووداو.
- سناء نصر وعبدالرحمن حسني (2004). التحرير الصحفي في عصر المعلومات: الخبر الصحفي، العين، دار الكتاب الجامعي، ط2.
- حسنين شفيق(2005). صحافة وكالات الأنباء، القاهرة، دار الكتب العلمية.
- خضر عباس(2019). الإثراء النفسي. عمان: دار اليازوري.
- خليفي طارق سيد احمد(2005). فن الكتابة الاذاعية و التلفزيونية. الاسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

- سعاد حرب(2002). الإعلاميات والإعلاميون في التلفزيون- بحث في الأدوار والمواقع، بيروت، تجمع الباحثات اللبنانيات.
- سليم عبدالنبي(2018). الاعلام التلفزيوني. عمان-الاردن: ط3 ،دار اسامة للنشر و التوزيع.
- صبرى الزغبى(2017). الفنون الاذاعه و التلفزيون . عمان: دار عالم الثقافه للنشر و التوزيع.
- عامر احمد عرفة(2003). الأخبار و البرامج الإخبارية في الراديو و التلفزيون. القاهرة: مكتب الآداب.
- عبد الستار جواد(1999) . فن كتابة الأخبار. عمان: دار مجدلاوي للنشر.
- عبدالعزيز شرف(2000). الأساليب الفنية في التحرير الصحفي. القاهرة: دار قباء.
- عظيم كامل الجميلي، ثناء إسماعيل الجميلي والعاني(2012). :صناعة الأخبار الصحفية والتلفزيونية. دار صفاء للنشر و التوزيع.
- فاروق أبوزيد(2008). الصحافة المتخصصة، القاهرة، عالم الكتب.
- فاضل البدراني(2015). أسس التحرير الصحفي و التلفزيوني و الالكتروني. دار الكتاب الجامعي.
- كرم شبلى(1999). معجم المصطلحات الاعلامية. ط3. بيروت: دار الجبيل.
- ________(1995). الخبر الاذاعي. جدة: دار الشروق، جدة، ط3.
- بركات معوض وعبدالعزيز محمد (2006). فن الخبر الاذاعي و التلفزيوني دراسات اعلامية. القاهرة: دار الكتاب الحديث.
- محمد الفاتح و عبد القادر حمدي وعراضة(2013). انتاج النشرات الاخبارية التلفزيونية. عمان: دار أسامة للنشر و التوزيع.
- محمد شطاح(2007). الاعلام التلفزيوني ،نشرات الاخبار المحتوى و الجمهور. دار الكتاب الحديث.
- محمود علم الدين(2009). أساسيات الصحافة في القرن الحادي والعشرين. القاهرة،: ط2، جامعة القاهرة.
- نبيل راغب(2006). فن التحرير الصحفي، القاهرة، دار غريب.
- CHANG (2000). from the United States with News and More InternationalFlow Television Coverage and World System.
- GREEN, MORI (1992). Television between analysis and implementation.
- GUNTER, BARRIE (2005). Trustin the News on Television, University of Leicester UK Emerald Journal.
- MENCHER', MELVIN (2009). News Reporting and writing, tenth edition, The McGraw-Hill company.


**The Role of The Reporters in Enrichinb the News Bulletins of Rudaw TV Channel.**

**Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.**

**Abstract:** This research focuses on the role of television reporters in enriching television news bulletins. it is descriptive research, which is compatible with the methodology of the research, the researcher used the survey method to obtain the answers to research questions. Thirty-five reporters from the Rudaw news channel were randomly selected as a sample of this study. The importance of this research is to identify the strong and weak points of reporters of the channel, thus taking the necessary tools and methods to develop and make their role more Effy. This is to show the role of reporters in enriching news bulletins and the Idy factors that affect the role of reporters in enriching news bulletins on television. The researcher concluded that reporters have a great role in enriching news bulletins by choosing essential news, highlighting topics in detail and accurately and promptly broadcast news, and the presence of reporters at the closest location of the incidents and searching for new unpublished information about the happenings.

**keywords:** Role, news reporter, enriching, news bulletins, Rudaw.